
چیرۆک



فەیسەڵ هەمەوەندی

چوار کورتیلە چیرۆک

# کوێربوونەوەی ئاواتەکانی...
# ئازارەکانی ناخی...
# لەودیوی نابیناییەوە
# گوڵاڵە سوورەی...



## كوێربوونەوەی ئاواتەكانی...

پیاوە سەر و ریش چەرمووەكە.. دەڵێی هەزار ساڵە سەری بەسەر گۆپاڵەكەیەوە لار كردووەتەوە، نە مشتومڕ.. نە گەڕەلاوژێ..نە هەراوهوریاش خەبەریان نەكردووەتەوە. وا بە خەیالا رۆچووە، تا ناوقەدیشی گڕ بگرێ بە خۆدا نایەتەوە.

تەنیا هاودەم و هاوبیری خەیاڵەكانی.. منداڵێكە ، بەیانیان.. بەر لەوەی بەرەو قوتابخانە هەڵكشێ، سەر لەم دەدات و سڵاوێكی لێ دەكا. ئەویش سەری بۆ دەلەقێنێ و شتێ دەئاخنێتە ناو مشتیەوە. ئەم دواڕۆژێكی پرشنگدار لەودا دەبینێ، زۆر سەبووری پێدا دێتەوە، ئەویش كۆمەڵێ شتی دیاری ئاسا كە رۆژانە وەك بیدۆزێتەوە دێنە دەستی.

ئەمڕۆ زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی منداڵەكەی دەكرد، دیاربوو .. رازێكی پێ بوو بۆی بدركێنێ. دوێنێ شەو تەگبیرێكی زۆری لە تەك خۆیدا كردبوو، تا قەرارێ بدات.

چاوە كزەكانی زۆر هەڵگلۆفتن.. تا خەو نەیباتەوە، یا خەیاڵێك زەفەری پێ نەبا. گوێچكەكانی بە دوو بەردی پان تەكاند، تا خلافاوی ئەو قسانە نەبێ كە بەردەوام لە گوێیدا دەزرینگانەوە.

هەموو ئەو ماڵی دنیا كە پاشەكەوتی كردبوون، قەراری دا.. بیدا بەو منداڵە.. ئیتر چاوەڕوانی لە ناخیدا بۆ رۆژێكی نوێ.. تەمەن بۆی هەڵناگرێ.

منداڵەكە هەر نەهات، ئەم بێ خەبەربوو لەوەی چی لێ قەوماوە.

دەمەو بەیانییەكی زوو ، دایكە منداڵەكە بە خەبەر دێنێ، كە شەوێ قەراریان لەسەرئەوە دابوو، مەنجەڵێ نۆكی كولاو بە كۆڵانەكاندا گڕ بدا و بژێوی خێزانەكە لە ئەستۆی خۆی بگرێ.

## ئازارەكانی ناخی...

ئەو بەیانییە... بە دووی هەر كارێك بوو، بۆ بژێوی ژیان.. ئەو دەگەڕا.

لە ماڵەوە ژنەكەی بیری لە هەموو ئەو رۆژگارە دەكردەوە، كە قەدەر بە ناتەبایی ئەمڕۆیانی بۆ نووسیبووەوە.

لای ئێوارە.. پیاوێ بەدەم خەیاڵەوە ..ئازارەكانی ناخی خۆی بۆ خودا دەردەبڕی. دنیایەكی سەراسیمە .. لە داهۆڵێكی دەكرد، با هەڵی گرتبێ و گشت باڵدارەكانی دنیا دووی كەوتبن بۆ تۆڵە لە رەوتارەكانی، دابوویانە بەر دەندووك.

لە ماڵەوە.. ئافرەتێك خوانێكی چكۆلانەی رازاندبووەوە، برێ منداڵی زەرنەقووتەیی بە

رۆژی جەژنیان دەزانی، کەوتبوونە پێشبڕکێی قووتدانی پارووە نان.
شەوێ مەتەڵێک داهات:
– بۆ وات کرد..!؟
– دەمزانی .. قەدەر بەرۆکمان بەر نادات، تا خۆمان بەدەستەوە نەدەین..!
پێاوێک..تا بەرەبەیان خورشتێک هەراسانی کردبوو، لە دالانەکە هەر دەهات و دەچوو.
ژنێک.. لە بنمیچی گوێسەوانەکە رامابوو، خوا لێی خۆش دەبێ.
پیاوێک.. گریان دەیشووشتەوە، ژنێک بێدەنگی
پیاوێک.. ژنێک. پیاو... ژنێ. پیا.. ژن. پی.. ژ. پپپپپپپ... ژژژژژژ
داداگا پڕبوو لە پیاوی نوستوو.
ئەو بەیانییە .. هەر ئەو بەیانییە، پیاوێک بە دووی هەر کارێک بوو بۆ بژێوی ژیان دەگەڕا، وەلێ پیاوێکی تربوو، بە رەنگێکی تر و جل و بەرگێکی تر، بە هەمان ئازاری ناخەوە.

## لەودیوی نابیناییەوە

بە ئاسپایی چوار هێڵی راست و چەپی ئاڵکاندە سەر رووبەری تابلۆکە، خولیای رەنگەکانی لە دڵا نەمابوو، وەک ئەوەی رەنگەکانی بیرچووبێتەوە، یا چۆنیان ئاوێتە بکات بۆ ئەوەی رەنگی سووتمانێک بدات. سووتمانی قەقنەس یا قەقنەسی سووتاو.
– «بەلای تەماشەکەرانەوە هەر هەمان مەبەستە ، بیرۆکەکە..»
لەو دیوی هێڵە بە یەکاچووەکان، ئافرەتێکی دووگیان رۆژەکانی بەرەو دوا دەژمارد. زەلامێکیش.. کە بۆ مەبەستی هاوسەری ژنە سکپڕەکە لوواندبووی، لە ژوور سەری ژنەکەوە شپرزەی منداڵبوونەکەی بوو.
_ پیاوەکە بێزوو دەکەم..!
_ بەچی..؟
_ بە مشتێ خاک
تاریکییەکە تا دەهات شێوەی برینێکی قووڵی دەگرت، سیمای زەلامەکە کاڵتر دەبووەوە، لە ناو برینەکە شتێ لە دومەڵێکی تەقیوی دەکرد، ليناو دەیخزانین، دار و دیوار لینجاوبوو، بەسەر ئەو لینجاوییەوە دەتگوت سەما دەکەین، ئەوەی خۆی بۆ نەدەگیرا، لەسەر گازەرەی پشتدا دەکەوت.

ئافرەتەکە دەیناڵاند، جارێکی تر ژان گرتیەوە، ئەمجارەیان بەسەختی گرتی، پیاوەکە لە بێدەسەڵاتیدا نەیدەزانی چی بکات.

دەمێ لە تابلۆکە راما و بیری بەرەو لای ئەو هەموو گوناهانە چوو، کە دەرِسکانە تابلۆکەوە. خۆی بە خاین هاتە بەرچاو . ناچار تابلۆیەکی تری کێشا .

منداڵێک لای پەنجەرەی ژوورێکی شێدارەوە، دەیروانییە دەرەوە، لە زمانی دایکیەوە چاوەڕوانی باوکی دەکرد. وێنەکێشەکە دامابوو بە دەست ناوونیشانێکەوە، بۆ هەردوو تابلۆکەی، دەیزانی تابلۆی تر بەو رەنگانە بکێشێ، ناتوانێ لەو تاریکییە رەنگ بە بەر ژیاندا بکات، من پێم گوت ناوی بنێ لەو دیوی نابیناییەوە.

## گوڵاڵە سوورەی...

ئەم پیاوە بە دیار ئەم گوڵە سوورانەوە دانیشتووە، هەموو رۆژێ دێ و لە سیلەیاندا دەکەوێتە قسان، هەرچییەک دەڵێ.. گریان دەیگرێ.

باسی شارێک دەکات لە ئەفسانە دەچێ، باسی خەڵکێک دەکات سەرەڕۆ لە دنیا، مەتەڵێ دەگێڕێتەوە وەک ئەوانەی داپیرە بۆی دەگێڕاینەوە بەر لە نووستن، بۆ ئەوەی ترسمان تێدا شین بکا.

هاوڕێکەی لێی پرسیبوو: تەمەنی ئەم گوڵانە کورتن، ساڵی جارێک بۆ چەند رۆژێ دەردەکەون و دەپرووکێن، ژیان بە وەرینی ئەو گوڵانەوە ناوەستێ، تۆ بەم هەنسکانەتەوە ناتوانی رۆژێک وەرینیان دوا بخەیت.

سەرگورشتەکە لەوێوە دەست پێ دەکات، کچێک پڕ لە جوانی و ناسکی کافرۆشییەت، دەتگوت ئەو گوڵە سوورانەن کە بە بای باڵی پەپوولەیەک دێنە لەنجەولار.

هاوڕێکەی چرپاندییە گوێی و گوتی: دەتوانین پێوەندییەکانمان پتەوتر بکەین، ئەگەر ئەم خانمە سەرپشک کەی لە نێوانماندا.

ئەم بزەخەنەیەکی هات و گوتی: دەمزانی ژیان بە وەرینی گوڵێک ناوەستێ، بەڵام.. بە ژاکاندنی گوڵێک هەموو جوانییەکانی دنیا دەشێوێنرێ.

لەو دیوی ئەم قسەیەوە لچە شۆڕییەکی بەودا خست، دوای ئەوەی ئەمی بێ ئومێد جێ هێشت، متمانەی بەو فەلسەفەیە هەر نەبوو، لە ژاکاندنەکە.

بۆیە بە دەم رێوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەگەر نەیشیژاکاندبێ خەونی رووتی پێوە بینیوە.